Landstinget Kronoberg

ئەگەر پێویست بوو ئێوە دەتوانن لە خزمەتگوزاریی وەرگێرانی زارەکی کەڵک وەرگرن. کاتێ کە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئێوە ڕێکدەخرێت، تکایە ئێمە لە پێویستی خۆتان بۆ وەرگێڕی زارەکی ئاگادار بکەنەوە. پاشان کارگێرانی چاودێریەکانی تەندروستی بۆ ئامادەبوونی وەرگێڕی زارەکی لە کۆمپانیایەکی وەرگێران کاری پێویست جێبەجێ دەکەن.

## مافەکانی چاودێریی تەندروستی ئێوە

### چارەسەرکردن لە ناوەندەکانی چاودێری تەندروستیدا

ئەگەر لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی کارگێرانی چاودێریی تەندروستی لەگەڵ خۆتان ڕازی نەبن، ڕەنگە هەندێ هەڵە و بە چەوتی لەیەک تێگەیشتن بێتە پێشێ. هەندێ ڕێسا و یاسای جۆراوجۆر لەسەر ئاکاری بەرپرسانی ناوەندی چاودێریی تەندروستی هەیە. نەخۆشەکان لە کاتی وەرگرتنی چاودێریی تەندروستی مافی بەرابەری، دڵنیایی و ئاسایشیان هەیە. هەروەها دەبێت چاوەڕوانی ئەوەتان هەبێت کە لەگەڵتان بە چاکی هەڵسوکەوت بکرێت، لەگەڵتان ڕاست بن و زانیاریی گرنگ و ئازادی هەڵبژاردن پێشکەشی ئێوە بکرێت.

### ئێوە مافی خۆتانە کە زانیاریی بە شێوەیەک کە لێی تێبگەن وەرگرن

ئەم بابەتە بارودۆخی پزیشکی، دیاریکردن و پێش بینی نەخۆشیەکەی ئێوە و شێوەکانی لەبەردەستی تاقیکردنەوە و چارەسەرکردن لەبەر دەگرێت. هەروەها ئێوە مەرجە پێویستەکانی وەرگرتنی زانیاریی لەسەر خولی چاوەڕوانی، کاریگەریەکان و کاریگەریی لاوەکی دەرمانەکان و چارەسەرکردنەکانی خۆتان هەیە. ئەگەر بە توندی نەخۆشن دەتوانن یەکێ لە هەواڵان یان ئەندامانی خێزانەکەتان بۆ چاودێری بە سەر بەدیهاتنی ئەم مافانە دیاری بکەن.

### گەڕەنتی چاوپێکەوتن و چارەسەرکردن

بەپێی یاسای چاودێریی پزیشکی و تەندروستی (The Health and Medical Care Act) ئەوە مافی ئێوەیە کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە خزمەتگوزاریی پزیشکی کەڵک وەرگرن. کاتێ کە پاس ڕاوێژکاریی لەگەڵ کارگێرانی پزیشکی بڕیار دەدەن بڕۆن بۆ ناوەندی تەندروستی ناوچەی لەبەرچاو گیراو، بەپێی گەڕەنتی چاودێریی پزیشکی لانی زۆری چاوەڕوانی دیاری دەکرێت. ئەگەر بە توندی نەخۆش بن یان تووشیاری سەدەمەو برین بووبێتن، لە کورتترین کاتێکدا کە بکرێت خزمەتگوزاریی چاودێریی پزیشکی وەردەگرن.

**بە پێی گەڕەنتی چاوپێکەوتن ئێوە ئەو مافانەی خوارەوەتان هەیە:**

0 دەتوانن پەیوەندی بکەن بە خزمەتگوزاریی چاودێریی سەرەتایی یان کارگێرانی یەکێ لە ناوەندەکانی چاودێریی تەندروستی تەلەفۆنی یان هەر لەو ڕۆژەدا کاتێکی دیاریکراوی چاوپێکەوتنتان لەوێدا هەبێت.

7 ئەگەر کارگێرانی چاودێریی تەندروستی هەست بکەن کە پێویستە بچنە لای دوکتۆر، لە ماوەی حەوت ڕۆژدا لەگەڵ دوکتۆر کاتێکی دیاریکراوی چاوپێکەوتنتان دەبێت.

90 ئەگەر نێردران بۆ چاودێریی پسپۆڕانە، لە ماوەی ٩٠ ڕۆژدا ئیمکانی کاتێکی دیاریکراوی چاوپێکەوتن لەگەڵ پسپۆڕێک دابین دەکرێت.

90 ئەگەر کارگێرانی چاودێری پسپۆڕانە هەست بکەن پێویستتان بە چارەسەرکردنە لە ماوەی ٩٠ ڕۆژ پاش بڕیاردان بۆ چارەسەر کردن، ئیمکانی چارەسەرکردن بۆ ئێوە دابین دەکرێت. ئەم بابەتە سەبارەت بە خۆ سەردان کردنیش ڕاستە. منداڵان و لاوانێ کە تووشیاری نەخۆشی دەروونین دەبێت لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا چارەسەر بکرێن.

90 پاش بڕیاردان لەسەر شێوەی چارەسەرکردن دەبێت لە ماوەی ٩٠ ڕۆژدا چارەسەرکردن جێبەجێ بکرێت. منداڵان و لاوانێ کە تووشیاری نەخۆشی دەروونین دەبێت لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا چارەسەر بکرێن.

ئێمە لە ئەنجومەنی ناوچەی کرۆنۆبێرگ تێدەکۆشین تاکو زووبەزوو ئیمکانی سەردانی لای پسپۆڕ دابین بکرێت. ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە ئێوە لە ماوەی ٦٠-٦٠-٧-٠ ڕۆژدا چارەسەر بکرێن.

ئەگەر پێویست بوو ئێوە دەتوانن لە خزمەتگوزاریی وەرگێرانی زارەکی کەڵک وەرگرن. کاتێ کە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئێوە رێکدەخرێت، تکایە ئێمە لە پێویستی خۆتان بۆ وەرگێری زارەکی ئاگادار بکەنەوە. پاشان کارگێرانی چاودێریەکانی تەندروستی بۆ ئامادەبوونی وەرگێری زارەکی لە کۆمپانیایەکی وەرگێران کاری پێویست جێبەجێ دەکەن.

ئەگەر ئەنجومەنی ناوچەی کرۆنۆبێرگ نەتوانێت چاوپێکەوتنی گەرەنتی کراو بە پێی ئەو پێوەرانەی سەرەوە مسۆگەر بکات، ئێوە دەتوانن لەگەڵ دیکەی ناوەندەکانی چاودێریی ناوچە یان دیکەی ئەنجومەنەکانی ناوچە پەیوەندی بکەن. لەم بابەتانەدا بۆخۆتان خەرجیی نەخۆش و خەرجیی هاتوچۆتان دەدەن.

ئەگەر بریارتان دا کە لە هەندێ ناوەندی تر جگە لە ئەنجومەنی ناوچەی کرۆنۆبێرگ چارەسەر بکرێن مەجبوورن خۆتان هەرجۆرە خەرجیی ئەوە بریتی لە هاتوچۆ و نیشتەجێ بوون بدەن.

## بیروڕای دووەم- هەڵسەنگاندنی پزیشکی دووەم

لە هەندێ بابەتدا مافی بیروڕای پزیشکی دووەمتان هەیە. ئەمە بەو واتایە کە دەتوانن لەلایەن دوکتۆرێکی ترەوەش چاولێکرێن. بە شێوەی ئاسایی کارگێرانی چاودێریی تەندروستی چاولێکردنەوەی دووەم هەر لەو نەخۆشخانە یان لە رێگای پەیوەندی کردن بە نەخۆشخانەیەکی ترەوە جێبەجێ دەکەن.

لەو بابەتانەی خوارەوەدا مافی بیروڕای دووەمتان هەیە:

- ئەگەر نەخۆشییەکی لە نێوبەرتان هەبێت (کە دەبێتە هۆی تیاچوون)
- ئەگەر چارەسەرکردنی پزیشکی مەترسی گرنگی بۆ ئێوە وەکو نەخۆش هەبێت
- ئەگەر هەڵبژاردنی ئێوە هەندێ نیشانەی گرنگی لەسەر چۆنیەتی ژیانی داهاتووی ئێوە هەبێت و
- ئەگەر دیار نەبێت کە چ جۆرە چارەسەریەک سەبارەت بەو بابەتە تایبەتەی ئێوە چاکترە.

## ناردن بۆ شوێنی تر

ئەگەر بۆ نموونە دوکتۆرەکەی ئێوە هەست بکات کە پێویستتان بە دیتنی پسپۆرێک یان چوون بۆ نەخۆشخانە هەیە، پێویستە بەڵگەیەکی ناردنتان هەبێت. هەروەها دەتوانن بە کەڵک وەرگرتن لەوەی کە خۆناردنی (own referral) پێ دەگوترێت، داوای چاوپێکەوتن بکەن. ئەمە بەو واتایە کە ئێوە بە نووسراوە شرۆڤەی دەکەن کە بۆچی وادەزانن پێویستتان بە چاودێری تەندروستی هەیە.

ئەگەر پێویستتان بە چاودێریی تەندروستی زۆر پسپۆرانە یان تاقیکردنەوەگەلێک وەکو تیشکی ئێکس و تێستی تاقیگە هەیە، حەتمەن دەبێت بەڵگەیەکی ناردنتان لەلایەن دوکتۆرەکەی خۆتان پێ بێت. نەخۆشی دڵ و جووتکردنی (تەلقیح) دەستکرد لە بابەتە زۆر پسپۆرانەکانن.

ئەگەر دەتانەوێت لە دیکەی ئەنجومەنەکانی ناوچەدا چارەسەر بکرێن، دەبێت بزانن کە لەوێدا رێساکانی پێوەندیدار بە ناردنی تایبەتی خۆیان جێبەجێ دەکەن.

## مافی هەبوونی وەرگێر

### ناتوانی لە بیستن و وتندا

ئەگەر بە هۆی ناتوانی لە بیستن و وتندا لە رەنج دان یان ئەگەر زمانی سویدی نازانن دەتوانن داوای یارمەتی وەرگێرێک بکەن.

کەسانێ کە کەڕن، کەڕو کوێرن یان بە هۆی ئاڵۆزی لە بیستندا بە جید لە رەنج دان لە زۆربەی هەلومەرجی رۆژانەدا مافی داواکردنی پسپۆڕی زمانی ئاماژەیان هەیە. خزمەتگوزاریی وەرگێر بەخۆڕاییە و لە رێگای ناوەندی وەرگێرانی ئەنجومەنی ناوچەوە دەتوانن کارڕێکخەری پێویست بۆ دابین کردنی ئەوە جێبەجی بکەن.

### زمانگەلێک جگە لە سویدی

ئەگەر داوای وەرگێر بکەن مافی هەبوونی وەرگێرتان هەیە. کاتی رزێرڤی چاوپێکەوتن، کارگێرەکان لەو بابەتە ئاگادار بکەنەوە. کارگێرانی چاودێری، لە ناوەندی وەرگێرانی ئەنجومەنی ناوچە وەرگێرێک رزێرڤ دەکەن.

ئەگەر پێویست بوو ئێوە دەتوانن لە خزمەتگوزاریی وەرگێرانی زارەکی کەڵک وەرگرن. کاتێ کە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئێوە رێکدەخرێت، تکایە ئێمە لە پێویستی خۆتان بۆ وەرگێری زارەکی ئاگادار بکەنەوە. پاشان کارگێرانی چاودێریەکانی تەندروستی بۆ ئامادەبوونی وەرگێری زارەکی لە کۆمپانیایەکی وەرگێران کاری پێویست جێبەجێ دەکەن.

سفارشتی ئێمە ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر هەواڵان یان ئەندامانی خێزانی ئێوە بیانەوێت ببنە وەرگێری ئێوە، دیسان لە وەرگێری فەرمی کەڵک وەرگرن.

## Teletal

دەتوانن لە خزمەتگوزاری Teletal لە کاتی تەلەفۆن کردن بۆ ناوەندی تەلەفۆنی ئەنجومەنی ناوچە کەڵک وەرگرن. Teletal دەتوانێت یارمەتی کەسانیک بدات کە ناتوانییان هەیە لە قسەکردن، وتن یان زماندا.

## پرسیارەکان

داخوا سەبارەت بە چاودێریی تەندروستی و چارسەرکردنی خۆتان پرسیارێکتان هەیە؟ ئەگەر وەهایە پەیوەندی بکەن بەو کلینیکەی کە بۆ ئەوێ ڕۆیشتوون یان بە دوکتۆرێکەوە کە بۆ خزمەتگوزاریی چاودێریی پسپۆڕانە بەڵگەی ناردنی ناردووە.

## ئەگەر پێشنیارێکتان هەیە

ئەگەر بیروڕا یان پێشنیارێکتان سەبارەت بەو چاودێریەی تەندروستی کە وەریدەگرن هەیە، تکایە پەیوەندی بکەن بە کارگێران یان بەڕێوەبەری جێبەجێ کردنی کلینیکێ کە سەردانی ئەوێتان کردووە. هەروەها دەتوانن بەو ناونیشانەی خوارەوە بە لیژنەی نەخۆشانەوە پەیوەندی بکەن.

تەلەفۆن: 0470 58 85 42

پۆستی ئەلێکترۆنیک (مەیل): patientnamnden@ltkronoberg.se